**گولیزار عەزیز:**

# ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا کارەکەم گەورەتر بکەم و، هەلی کار بۆ کۆمەڵێک ئافرەت بڕەخسێنم






**زۆرن ئەو خانمانەی بە گڕ و تینێکی زۆرەوە هاتوونەتە نێو مەیدانی کار و لەم نێوەندەدا بوونی خۆیان سەلماندووە، ئافرەتێکی خاوەن کار بە ناوی گولیزار عەزیز لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ دەکات و، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاواتی گەورەی ئەوەیە هەلی کار بۆ کۆمەڵێك ئافرەت بڕەخسێنێت. هاوکات داوا لە ئافرەتان دەکات، لە هەموو توانا و بەهرەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن کار و داهاتی سەربەخۆیان هەبێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

گولیزار عەزیز ئافرەتێکی تەمەن ٤٦ ساڵ و دەستڕەنگینی شاری هەولێرە، وەك خۆی باسی دەکات بە هۆی بارودۆخی سیاسی و جەنگی نێوان عێراق و ئێران نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، لەئێستاشدا ماوەی ساڵ و نیوێکە دەستی بە کاری هەویرکاری کردووە و لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لە کارگەیەکی بچووکی تایبەت بە خۆیان لە کاتژمێر ٨ ی بەیانی تاوەکو ١٢ ی شەو کار دەکەن.

گولیزار عەزیز لە بارەی ژیانی تایبەتیی خۆیەوە دەڵێت: «بە هۆی ئەوەی نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم و ببمە خاوەن وەزیفە و کاری خۆم، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە کارێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت، سەرەتا زۆر حەزم لە کاری دوورمان بوو، بەڵام لەلایەك هاوسەرم ڕێگرم بوو، لەلایەکی دیکەش منداڵەکانم ورد بوون، جگە لەوەش لە نانکردن و کولیچە و چێشت دروستکردن توانایەکی باشم هەبوو، هەمیشە خزم و کەس و دراوسێکان داوایان لێ دەکردم خواردن و کولیچەیان بۆ دروست بکەم و، دەستاوی منیان زۆر پێ خۆش بوو. زۆرجار کەرەستەیان دەهێنا و دەیانگوت بەس هەویری کولیچەکەمان بۆ ئامادە بکە. دواجار کوڕە گەورەکەم کە دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە زۆر هانی دام و پاڵپشتی زۆری کردم تاوەکو دەستمان بەو کارە کرد، ئێمە خێزانێکی گەورەین و تەنیا هاوسەرەکەم کاری دەکرد، کوڕ و کچەکەم خوێندنیان تەواو کردبوو، بەڵام دانەمەزراون، بێکاریی منداڵەکانم هاندەر بوو کە کاری هەویرکاری و شیرینی بکەم.

سەرەتا لە ڕێگەی پەیژێکی سۆشیال میدیا دەستمان پێ کرد و لە ڕێگەی ئەو پەیژەوە کەرەستە دەستکردەکانمان دەفرۆشت، پاشان شوێنێکمان کردەوە و تا ئێستاش لەگەڵ کچەکەم و بووکەکەم بەردەوامین لە کارەکەمان و کوڕەکەشم کاری گەیاندنمان بۆ دەکات، کەرەسەکانمان بریتین لە نانی تیری، کولیچە، کوبە، کفتە، بۆرەك، پیتزا، مەحشیی کودی زەرد و سرکەی هەناریش دروست دەکەین، تەنانەت هەویری بۆرەك و پیتزاکەش بە خۆمان دروستی دەکەین، هەم بە ئاردی گەنم و هەم بە ئاردی جۆ و ئاردی بادام، گەیاندنمان بۆ هەموو کوردستان هەیە، ئێمە لەسەر داواکاری کڕیارەکانمان جگە لە نان و کولیچە، چێشت و خواردنیش بۆ ماڵەکان و کۆمپانیاکان دروست دەکەین، ڕۆژانە بە کارەکانمان زۆر ماندووین و زۆربەی کاتەکانمان لێرە بەسەر دەبەین، لە ئێستاشدا بەهۆی بێ مووچەیی و بێ بازاڕی کارەکەی ئێمەش لاواز بووە، بەڵام شوکر بۆ خوای گەورە تا ئێستا لەسەر پێی خۆم وەستاوم و گەشبینم بەوەی وردە وردە کارەکانمان باشتر دەبێت.»

ئەو خاوەن کارە سەبارەت بە ئامانج و ئاواتەکانی دەڵێت: «ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا کارەکەم گەورەتر بکەم و، هەلی کار بۆ کۆمەڵێك ئافرەت بڕەخسێنم.»

گوتیشی: جێگەی دڵخۆشییە لە کوردستان زۆرێك لە ئافرەتان (ئەوانەی دەرفەتی دامەزراندنیان لە حکومەت نییە)، سەرگەرمی کاری ئازادن و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتی کورد ئازا و بەهێزن و دەتوانن بە ئارەقەی ناوچاوانیان خەرجی ڕۆژانەی خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان دابین بکەن. لێرەوە بەو ئافرەتانە دەڵێم کە حەزی ئیشکردنیان هەیە و تا ئێستا دەستیان بە کارێك نەکردووە، با متمانەیان بە خۆیان بێت و ئازا بن، چونکە کارکردن نەك عەیب نییە، بگرە شانازییە و پشت بەخۆ بەستنە و ژیانی سەربەرزانە بە مرۆڤ دەبەخشێت.»

**زۆر حەزم لە کاری دوورمان بوو، بەڵام لەلایەک هاوسەرم ڕێگرم بوو، لەلایەکی دیکەش منداڵەکانم ورد بوون**

**کوڕ و کچەکەم خوێندنیان تەواو کردبوو، بەڵام دانەمەزراون، بێکاریی منداڵەکانم هاندەر بوو کە کاری هەویرکاری و شیرینی بکەم**

**بەهۆی بێ مووچەیی و بێ بازاڕی کارەکەی ئێمەش لاواز بووە، بەڵام شوکر بۆ خوای گەورە تا ئێستا لەسەر پێی خۆم وەستاوم**



# هاوژینەکەم تەڵاقیدام و منداڵەکانیشی پێنەدام، کچە بچووکەکەم تەمەنی حەوت مانگ بوو لەباوەشیان دەرهێنام



ژمارەی ئەو ئافرەتانەی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبنە قوربانی و ڕووبەڕووی توندوتیژی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە کەم نین، و ڕێژەیەکی زۆری خانمان لە سەرانسەری دونیادا گیرۆدەی دەستی ستەم و زوڵم و زۆردارین، ڕۆژین ئافرەتێکی تەمەن ٣١ ساڵە ئەو لەدایکبووی قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانە و لەئێستادا لەکەمپی قوشتەپە لەگەڵ دایکە پەککەوتەکەی ژیان دەکات، وەك خۆی باسیدەکات ئەو دایکی دوو کچە و ماوەی ٧ ساڵە لە بینینیان بێبەشکراوە، کچەکان تەمەنیان ١٠ ساڵ و ٨ ساڵە، ڕۆژین لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی گرفت و ئاریشەکانی خۆی بۆ خوێنەران دەکات و داوا لە داکۆکیکارانی مافی ئافرەت دەکات لە وەرگرتنەوەی مافی دایکایەتی هاوکاری بن.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئەو دایکە بە چاوی بە فرمێسکەوە هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا ٧ ساڵ پێش ئێستا هاوسەرەکەی بەبێ هیچ هۆکارێك تەڵاقی دەدات، لەمبارەیەوە دەڵێت:» هاوژینەکەم خیانەتی لێکردم و لەگەڵ دەستەخوشکەکەم پەیوەندی خۆشەویستی دروست کرد، شەوێکیان داوای لێکردم تەلەفۆن بۆ کەسوکارم بکەم و بمبەنەوە هەر ئەو شەوە تەلاقیدام و لەماڵ دەری کردم و منداڵەکانیشی پێنەدام، ئەوکات کچە بچووکەکەم تەمەنی ٧ مانگ بوو لەباوەشیان دەرهێنام تا ئەمڕۆش منداڵەکانم نەدیتوە زۆر بیریان دەکەم، لەبەر دووری منداڵەکانم ماوەی ٢٥ ڕۆژ لەچاودێری چڕ خەوێندرام و دواتر ئاوارەی هەولێر بووم، هاوژینەکەم دووبارە هاوسەرگیری کردەوە و لەو

ژنەش کچ و کوڕێکی هەیە، چەند ساڵێك پێش ئێستا بەرووداوی هاتووچۆ مرد و خوای گەورە بە سزای خۆی گەیاند، ئێستاش کچەکانم هەر ڕۆژەی لای مام و پوورێکیانن، چونکە داپیرە و باپیرەیان لە ژیاندا نەماون».

ڕۆژین وەك خۆی باسیدەکات بۆ بینینی کچەکانی دەگەڕێتەوە سوریا بەڵام دیسان ڕێگەی بینینی کچەکانی لێدەگیرێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: «کە زانیم کچەکانم باوکیان مردووە چوومەوە سوریا بەڵام مام و پورەکانی کچەکانیان لێم شاردەوە و ڕێگەیان نەدا بیان بینم و بە نائومێدی جارێکی تر گەڕامەوە هەولێر، ئێستاش لە کەمپ دوو مەکینەی دوورمانم هەیە و گوزەرانی خۆم و دایکم بەدوورمان رایی دەکەم، مەکینەکانم بەناوی کچەکانم ناو ناون، تەنانەت لەسەر حیسابی خۆم جلی کچانە دەدوورم و پێشکەشی منداڵانی دەوروبەرم دەکەم، ئەو ڕۆژە کراسێکم بۆ کچێك دووری کە هاوتەمەنی کچە گەورەکەم دەبوو، زۆر دڵی پێی خۆش بوو و گەڕایەوە لەمنی پرسی (خاڵە تۆ من دەناسی ئەو جلەت بۆ دووریوم)، لەم چەند ڕۆژی ڕابردوو کچێکی هاوڕێم وێنەی کچەکانمی بۆ پەیدا کردم و بۆی ناردم، ئەگەر لە هەر شوێنێك بیانم دیتبا هەرگیز نەمدەناسینەوە، ئەمڕۆش لەگەڵ خەم و ئازار ڕۆژانی تەمەنم بەڕێدەکەم و دڵم بەو ژیانەم خۆش نییە، خەو بەوە دەبینم بەیانییەك لە خەو هەڵبستم و کچەکانم لە تەنیش خۆمەوە ببینم، لێرەوە لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە چاوەڕێی هەولی خێرخوازان دەکەم بە کچەکانم شاد ببمەوە و لەباوەشی دایکایەتیم پەروەردەیان بکەم، من لێرە کەس ناناسم پارەی پارێزەرگرتنم نییە هەرکەسێك یارمەتیم بدات خێر و چاکەیەکی زۆر گەورە دەکات».

لەلای خۆیەوە خانزاد سەعدی شارەزا لە میدیا و جێندەر، سەبارەت بە کەیسی ڕۆژین دەڵێت: سەرەتا پێویستە «کەیسی ڕۆژین» یاساناسێك یان پارێزەرێکی شارەزا بە یاساکانی وڵاتی سووریا قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژین ژنێکی پەنابەری ڕۆژئاوایە و ماوەیەکە لە کوردستان دەژی و منداڵەکانیشی لە سووریا دەژین، کە ئەوەش ناوەڕۆکی کێشەکەیە و لەبەر هەستیاریی کەیسەکە لەڕووی مرۆیی و جێندەریی، پەیوەندیم بە هەریەك لە بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان و هەروەها بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی هەولێریش کرد، بێگومان ئەو لایەنانە یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی ناتوانێت هیچ ڕێکارێکی یاسایی بەرانبەر بە دادگەی سووریا بگرێتەبەر، بۆیە دەبێت ڕۆژین بگەڕێتەوە سووریا و لەوێ نیشتەجێ بێت، ئینجا لە ڕێی پارێزەرێك سکاڵا تۆمار بکات و داوای منداڵەکانی بکاتەوە، پاشان دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکانی دووبارە بگەڕێتەوە کوردستان. لەوانەشە بەبێ پەنابردنە بەر دادگا و لەڕێی حزب و هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژئاوا لە قامیشلۆ ڕۆژین بتوانێت داوای نێوەندگیری ئەوان بکات و هاوکاری بکەن وەك کێشەکی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێ. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژین خەرجیی پارێزەری نییە، بۆیە پێم باشە پەیوەندی بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە بکات کە هەمان پرۆژەیان لە عێراق و سووریا هەیە و یەك نووسینگەی سەرەکییان لە کوردستان بۆ هەردوو وڵات هەیە، ئەوان تا ڕادەیەك دەتوانن هاوکاری بکەن، یاخود کەسانی خێرخواز یارمەتی بدەن. بەڵام ئەو هەوڵانە بە تەنیا بە ڕۆژین ناکرێ، بۆیە پێویستی بە پشتگیری ڕێکخراوەکانی ژنانە بەتایبەتیش ئەوانەی پێگە و نووسینگەیان لە ڕۆژئاوا هەیە تا ئەو جۆرە پەیوەندییانەی بۆ ڕێکدەخەن و کەیسەکەی دەجوولێنن.

دوای پەیوەندیکردن و پرسین لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئامادەیی خۆی پیشاندا کە پێشوازی لە ڕۆژین بکات و بەپێی توانا ڕێپیشاندەری بێت یاخود حەواڵەی ئەو ڕێکخراوانەی بکات کە خزمەت بە کەیسی ڕۆژین دەکەن».

ئەوەی تێبینیم کردووە لە ساڵانی ڕابردوو دەیان کەیسی لەو جۆرانە کە تایبەتن بە ژنانی ڕۆژئاوا، هەندێکیان بە مەبەستی جۆراوجۆر دروستدەکرێن کە دوورە لە ڕاستی، یانیش تەنها بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی کوردستانەوە بگەنە ئەورووپا، ئەوانە وەك حاڵەتی هەندێك لە پەناهەندەکانی خۆمان دیتەبەرچاو کاتێك لە ئەورووپا و ئەمەریکا بەمەبستی مانەوە و وەرگرتنی پاسپۆرتی بیانی؛ کەیسی وەهمی دروستدەکەن. ڕۆژین چەند جارێك بووەتە قوربانی، جاری یەکەم کاتێك کەوتە بەر ستەمی مێردەکەی و لە منداڵەکانی بێبەشبوو، جاری دووەم کاتێك پەناهەندە دەبێت و شوێن و ناسنامەی گۆڕا، جاری دیکە کاتێك کەیسەکەی تێکەڵی دەیان کەیسی دیکەی نادروست دەبێت و متمانەی دەوروبەر لەدەست دەدات و هتد...

ئیدی ئافرەت هەمیشە بووەتە قوربانی پلە یەکی نادادپەروەری مرۆڤەکان و کۆمەڵگە.



خانزاد سەعدی:

**دەبێت ڕۆژین بگەڕێتەوە سووریا و لەوێ نیشتەجێ بێت، ئینجا لە ڕێی پارێزەرێک سکاڵا تۆمار بکات و داوای منداڵەکانی بکاتەوە، پاشان دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکانی دووبارە بگەڕێتەوە کوردستان**

**دوو مەکینەی دوورمانم هەیە و گوزەرانی خۆم و دایکم بەدوورمان رایی دەکەم، مەکینەکانم بەناوی کچەکانم ناو ناون**

**کە زانیم کچەکانم باوکیان مردووە چوومەوە سوریا بەڵام مام و پورەکانی کچەکانیان لێم شاردەوە و ڕێگەیان نەدا بیان بینم و بە نائومێدی جارێکی تر گەڕامەوە هەولێر**

# توندوتیژییەکان مەترسیی گەورە لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن

**وێڕای ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی لە هەولێری پایتەخت بەرقەرارە، ماوەیەکە لێرە و لەوێ گوێبیستی گرژی و توندوتیژی و کوشتن دەبین، کە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، زۆربەی کۆمەڵناسانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە توندوتیژییەکان مەترسیی گەورە لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەن، کاری جددی و هەمە لایەن لەسەر وشیاریی تاك بکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**ئاسایشی کۆمەڵایەتی و توندوتۆڵکردنی شیرازەی کۆمەڵگە یەکێکە لە بنەماکانی مانەوە و درێژەپێدەری زیندوومانەوەی هەر کۆمەڵگەیەکە**

توێژەری کۆمەڵایەتی عوبێد خدر گۆمەشینی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئاسایشی کۆمەڵایەتی و توندوتۆڵکردنی شیرازەی کۆمەڵگە یەکێکە لە بنەماکانی مانەوە و درێژەپێدەری زیندوومانەوەی هەر کۆمەڵگەیەکە، بۆیە زۆربوون و تەشەنەکردنی دیاردەی کوشتن و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لەم دواییەدا، کاردانەوەی خراپی لەسەر باری دەروون و کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە، ئەوەش وا دەکات تاك بڕوای بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەق بێت و، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی بژیت.» ئەو کۆمەڵناسە بە پێویستی دەزانێت، بۆ نەهێشتنی ئەو حاڵەتانە «حکومەت رێوشوێنی توندتر بگرێتەبەر و دیاردەی چەکداری و توندوتیژی نەهێڵێت.» هاوکات دەڵێت: «هەرچەندە هۆکار زۆرن بۆ زیادبوون و تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە، لەوانە بوونی ڕێژەی زۆر لە چەك و لاوازیی یاسا و بوونی کافتریای شەوانە و بێکاریی لاوان و هەندێك جار دەستکەوتنی پارە لەلای هەندێ کەس و بە بێ ماندووبوون، سەرەڕۆیی و نەبوونی چاودێرییەکی توند لەلایەن خێزان و دەزگا ئەمنییەکان. هۆکاری دیکەش هەن، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە، وەك نەبوونی زمانی لێکگەیشتن و گیانی یەکتر قبووڵ کردن، مانەوەی گەنجانی سەرەڕۆ لە دەرەوەی ماڵ تا درەنگانی شەو، کە هانیان دەدات بۆ کاری تاوانکاری و پێویستە ڕێکاری دروست بۆ چارەسەری بدۆزرێتەوە.»

ئەڤین عەلی قوتابیی زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس رای وایە «دەستی دەرەکی و لایەنی دیاریکراو و هەندێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی بەرچاون بۆ تێکدانی ئەقڵییەتی خەڵك»، هاوکات دەڵێت: «خەڵکانێکی



نابەرپرس حکومەت تاوانبار دەکەن، بەوەی وەکو پێویست پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك دابین ناکات، لە کاتێکدا شاری هەولێر ئارامترین شارە لە عێراق و ناوچەکەدا، خەڵك سەردەمی حزبی بەعسیان لەبیر کردووە، کە لەئێوارەوە دەکرایە قەدەغەی هاتوچوو، کەچی ئێستا لەسایەی ئەمن و ئەمانی شاری هەولێر تا درەنگانی شەو خەڵك بێ ترس و دڵەڕاوکێ لە دەرەوەی ماڵەکانیان کات بەسەر دەبەن.»

زانا نەبەز بەرپرسی قوتابیان و قوتابیی زانکۆیە و باسی ئەوە دەکات کە «کرانەوەی سنوورەکان بە رووی وڵاتان و پێکەوەژیانی هاوولاتیان بە بێ جیاوازی نەتەوە و دین، ئەگەر هاوتای یەك نەبن، بەڵام تەواوکەری یەکترن، بەتایبەت پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە وڵاتە بەهێزەکان لە نێویشیان پایتەختە ئارامەکان و هەولێریش نموونەیەکی ناوچەکەیە و بەدەر نییە لە ژیانکردنی هاووڵاتیانی بیانی بۆیە بۆتە شوێنگەیەکی ئارام و متمانەپێکراو لە ناوچەکە، لە سەر ئاستی جیهانیش کۆمەڵێك پێوەر هەن بۆ دەستنیشانکردنی شارە بەهێزەکان و لە سەرووی هەموانەوە پێوەری ئەمنییەتی شارەکە کە گرنگترینی باسەکەیە، رووداو و کردەی نەویستی کوشتار ئەگەر لەم ناوچانە و شارانەش روو بدات، زیاتر زەق دەکرێت، بەهۆی ئەوەی ئەم رووداوانە لە ناوچەیەکی ئەمنی روویان داوە.» سەبارەت بە چارەسەریش دەڵێت: «ئەگەر تاك، دادگا بکاتە شوێنی چارەسەر، تاوانەکانیش کەمتر دەبن، لە هەموو جیهانیش چەندین ئامرازی کۆنترۆڵکردن هەن، بۆ کەمکردنەوەی تاوان، بەڵام هیچ تیۆرێك نییە، کە بڵێت تاوان کۆتایی دێت، بەڵام سنووردانان لە رێگەی یاسا و هێزەوە گرنگە، بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە خەریکە دیاردەی کوشتن لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە.»

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «دیاردەی چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی نایاسایی هۆکارێکی تاوانەکانن و ئەو رووداوانەی دوایی کە لە شاری هەولێر روویان داوە، زۆرینەیان بەو جۆرە چەکانە کراون، بۆیە کۆمەڵگە هەژندە بووە و زیاتر ترسی خەڵك لەوەیە کە دەستکەوتنی چەکی بێ مۆڵەت زۆر ئاسانە و نرخەکەی بە جۆرێکە ئەوەی خواستی هەبێ، لە توانایدا دەبێت بیکرێت و لە کاتی تووڕەیی تاوانی پێ بکات». هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «میدیاکانیش رۆڵی خراپیان لەو بوارەدا گێڕاوە، چونکە ئەوان رووی گوێزەرەوەن بۆ خەڵکی، بەڵام میدیاکان بە هۆی ئەوەی لە دەستی پارتەکانە، زۆر کات رووداوەکان زیاتر زەقتر و بە سیاسی دەکەن، واتە زۆر جار دەشێ رووداوەکە وا نەبێت، کە خەڵکی لە رێگەی میدیاکانەوە دەیبینن.»

هۆگر عەزیز گەلاڵی بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، سەبارەت بەو کێشانەی بەم دواییە لە هەولێر روویان داوە، رای وایە: «ئەوانە حاڵەتن و نەبوونەتە دیاردە.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر حاڵەتەکانی کوشتن بە بەراورد بەساڵانی رابردوو لەناو شاری هەولێر کەمی کردووە. لە ساڵی ٢٠١٨ دا ٤٤ کەس و ٢٠١٩ دا ٥٣ کەس کوژراون، کەچی لە ساڵی ٢٠١٧ دا ٦٤ کەس کوژراون، بۆ شارێکی وەکو هەولێر کە ژمارەی دانیشتووانەکەی لە سەرووی ١ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسە، هەروەها زیاتر ٨٠٠ هەزار کەس لە ئاوارە و خاوەن کار لە شاری هەولێر نیشتەجێن، بەو پێیە لەئێستادا ژمارەی دانیشتووانی هەولێر لە ٢ ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەموو ئەو تاوانانەی کە روویانداوە پۆلیسی هەولێر توانیویەتی هەموو تۆمەتبارەکان دەستگیر بکات، زیاتر لە ٩٥٪ی کێشەکانیان رووبەڕووی یاسا کراوەتەوە و دراوەتە دادگا.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هەولێر بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانە و بەسزا گەیاندنی تاوانباران، چ رێکارێکی گرتۆتەبەر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر گوتی:

«لەپێناو پاراستنی ئارامیی شاری هەولێر بە بەردەوامی مەفرەزەکانمان لە شەقامەکانی شاری هەولێر بڵاوکردۆتەوە و، شەوانە بە هەماهەنگیی هێزی ئاسایش و زێرەڤانی و دەزگاکانی دیکەی ئەمنی لەناو شار دەسووڕێنەوە، بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا هەولێر لەهەموو شارەکانی دیکەی عێراق ئارامتر و سەقامگیرترە، ئەوەش وای کردووە خەڵکانێکی زۆر لەناوە و دەرەوەی عێراق روو لە شاری هەولێر بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن، ئەوەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی کە هەولێر شارێکی ئارامە و ئەمن و ئەمان تێیدا بەرقەرارە.»

**تەشەنەکردنی دیاردەی کوشتن و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لەم دواییەدا، کاردانەوەی خراپی لەسەر باری دەروون و کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە**

**حکومەت رێوشوێنی توندتر بگرێتەبەر و دیاردەی چەکداری و توندوتیژی نەهێڵێت**

**دەستی دەرەکی و لایەنی دیاریکراو و هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی بەرچاون بۆ تێکدانی ئەقڵییەتی خەڵک**

